


*Die US-Armee ist ready now für den Iran-Krieg*

## بوش بە"گەلی" ئیرانی گوت:

## (ئەگەر ئێوە ئازادیتان دەوێ، ئەمریکا لە پاڵتاندا ڕادەوەستێت)!

**ئیمڕۆ، بوش لە ووتە مێژووییەکەیدا بۆ ناتسیونی ئەمریکا، بە ناوی ئازادییەوە، لابردنی سیستێمی بیمە کۆمەڵایەتییەکان، مافی خانەنشینەکان زیاتر لەسەر شانی دەوڵەت، لابرد و تینوێتی شەرکەتە تایبەتییەکانی شکاند. ئێستا ئیتر لەمەودوا بازاڕی جەنگی ئەمریکا–ئیران گەرم و گەرمتر دەبێ. سەرۆکی"مەزن" درووی ئیڤانگیلییەکانی لەسەر بێ، لە ووتەکەیدا، حکومەتی ئیران بە گرنگترین یاریدەری تیرۆریزم لە جیهان تاوانبارکرد و گوتی دەبێ کۆتایی بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بهێنێ. هەروا لە درێژەی ووتەکەیدا: من بە گەلی ئیران ئێژم: ئەگەر ئێوە ئازادیتان دەوێ، ئەمریکا لە پاڵتاندا ڕادەوەستێت). بوش، ناوی سوریا بە دووهەم وەڵات ناوزەد کرد کە پشتیوانی تیرۆریزم دەکەن و گوتی: (ئێمە چاوەڕوانین، حکومەتی سوریا، کۆتایی بە گشت جۆرە هاریکارییەکی تیرۆریزم بهێنێ و دەرگا بۆ ئازادی بکاتەوە). گەرچی بڕیار لەسەر جەنگی داهاتوو دراوە، بەڵام بوش هەر پێویستی بە پشتیوانی"خوا"هەیە، چونکە هەر جارێ دەسەڵاتدار، بۆ"خودا"کەی پەنای ببا، ئەویش دەستبەجێ دێتە هانایەوە، ئەوجا خەڵکی ستەمدیدەی ئیران و ڕۆبۆتە جەنگییەکانی ئەمریکا، بە پشتوانی خوا و ئیسلام و مەسیحییە توندڕەوەکان، دەبن بە باشترین خۆراکی ئەم جەنگە! هەڵبەت لە سەردەمی بێکاری بە کۆمەڵ، نرخی بازووی مرۆڤ، ئەوەندە هەرزان دەبێ، تا وای لێ دێ، بە نرخی بەرخ دەکێشرێ و سەر دەبڕێ، خۆ پێشینانیش گوتوویانە"بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە!": ئازادی سەرمایە و یاساکانی قازانج، چ پێویستییەکیان هەیە بە خەرجکردن لەسەر ملیونان بێکار؟**

**دوێنێ(2.2)، شەرکەتی(جەنەڕاڵ ئیلیکتریك) ڕایگەیاند کە بازرگانییەکەی(ساڵانە دەگاتە 270ملیون دۆلار، واتە 1%بازرگانییەکانی) لە گەل ئیران، ڕادەگرێ. ئەم بڕیارە لە ئیمرۆوە جێبەجێدەکرێ((بڕیارێکی زۆر زۆر سەوری و فەورییە!!).**

**هەر دوێنێش، قسەکەری ئەنجوومەنی ئاسایشی ئیران(عەلی ئاغا موحەمەدی) لەبارەی گفتوگۆیەکانیان لە گەل یەکێتی ئۆروپا، گوتی: (گفتوگۆیەکانمان پێش بکەوێ یا نا، ئێمە پەرەسەندی زانستیمان وەك تیرئەندازێکی جەوهەری، دەپارێزن). ئێستا یەکێتی ئۆروپا و ئەمریکی یەکیانگرتووە لەسەر ڕاگرتنی بەرنامەی ئەتۆمی ئیران.**

**لە بەرامبەر ئەم بلۆکە، ڕوسیا وئیران لە24.1ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی سەتەلایتی جاسوویی ئیران(مسباح و سینا1) لە وێستگای ئاسمانی(Plesezk)لە رووسیا، بۆ ئاسمان بنێرێن.**

نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە سەر زاری(بەرادعی)لەبەردەم کەناڵی(بی. بی. سی)، داوای کرد کۆمەڵگەی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سەبریان هەبێ و دەبێ هەموو هەوڵەکان بەگرخەن، پێش ئەوەی هەر ئیختیارێکی تر هەڵبژێردرێ.)

شایانی باسە، لە ڕۆژانی پێشوودا شەرکەتی نەوت(بی. پی)ی بەریتانییش دەستی لە بازرگانی لەگەل ئیران ڕاکێشا و مەحەمەد نەواب، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی وەزارەتی پیشەسازی و لە هەمان کاتدا، ئەندامی بیست ساڵەی ئەنجومەنی شەرکەتی(تیسن-کروپ)، لە ژێر فشاری ئەمریکا، لە ئەنجومەنی شەرکەتە دەرکرا!.

وەك دەبینین، ئەمریکا لە هەموو لایەکەوە، هێرشی خۆی دەکا و مەبەستی(بوش)یش لە"ئازادی"، ئازادی ئابووری و بازاڕی شەرکەتە باننا‌تسیونەکانی وەڵاتەکەیەتی و لەم پێناویدا، ئاگری چەند ساڵی داهاتووشی داڕشتووە.

بەڵام، ئاینشتاین گوتەنی(گرنگ ئەوەیە قەت وازنەهێنین لە پرسیارکردن): ئایا سیناریۆی عیراق لە ئیران دووبارە دەکرێتەوە؟ ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، هێرشکردنی داهاتوویان لە دژی ئیران بە شێوەی سەربازیش ئەنجام بدەن، هەڵویستی رووسیا و چین، چۆن دەبێ؟ ڕۆڵی کۆمونیست، چەپ و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان، ئازەربایجان، عەرەبستان و تورکومەنسەحرا چۆن دەبێ؟ هێزی هوشیار بۆ ڕێکخستن و دامەزراندی بارودۆخێك، دوور لە جەنگ، بێکاری، تاوانە فرە ڕەنگەکان و دەسەڵاتی ڕەشی تیوکراتەکانی ئیران چەندە؟ ئایا مێژووی ڕۆژانی داهاتووی ئیران لە لایەن خودی جەماوەری شۆڕشگێر لەدژی مەلاکان و جەنگی ئەمریکی دەنووسرێتەوە یا بە پۆستاڵ و بۆمبی ئەمریکا و"خودا"کەیان، دەوڵەتی مەدەنی، سیکولاری دادەمەزرێنن!




سەلام عەبدوڵلا
dwaroj@yahoo.de

سەرچاوەکان: تەلەفزیونی(ئا. ئیر. دی)، سایتی یاهو لە 2.3.